# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢١٩) لە ٢٠٢٣/٥/٢٤

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە هەردوو كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٩) لە ٢٠٢٣/٥/١٤ و ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢٣/٥/٢٤، و لەسەر پێشنیاری هەردوو بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

### یەكەم: بنەما سەرەكییەكان

ئەم بڕیارە لەسەر ئەم بنەما سەرەكییانەی خوارەوە بنیات نراوە:

**بنەمای یەكەم:** یەكخستن و بەناوەندییكردنی (مركزية) ((داهات سیولە –خەرجییەكان مووچە )) لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان.

**بنەمای دووەم:** یەكخستن و بەناوەندییكردنی (مركزية) بەڕێوەبردنی دارایی گشتیی لە هەرێمی كوردستان و یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیار و ڕێكار و پرۆسەكانی پەیوەندیدار بە دارایی گشتی.

### دووەم: بۆردی باڵای دارایی گشتی لە ئەنجومەنی وەزیران

١. پێكهێنانی (بۆردی باڵای دارایی گشتی لە ئەنجومەنی وەزیران)، كە لە مەودوا لەم بڕیارە بە (بۆردی باڵا) ناوی دێت بۆ مەبەستەكانی ئەم بڕیارە، و ئەندامەكانی بۆردە باڵاكە لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەكرێن.

٢. تەخویلكردنی بۆردی باڵا بۆ جێبەجێكردنی سەرجەم بڕگەكانی ئەم بڕیارە.

٣. بۆردی باڵا كاتییە و مەبەست لە پێكهێنانی جێبەجێكردنی بڕگەكانی ئەم بڕیارەیە، بۆیە لە دوای جێبەجێكردنی بڕگەكانی ئەم بڕیارە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی بۆردی باڵا و كۆتاییهێنان بە ئەركەكانی هەیە.

## سێیەم: لەسەر ئاستی داهات

کۆکردنەوەی داهات لە سەرجەم سەرچاوەکانییەوە لە سەرتاسەری هەرێم بە شێوەیەکی ناوەندی (مرکزي) دەبێت بە جۆرێک ڕێنمایی و ڕێکارەکانی وەرگرتن و کۆکردنەوەی داهاتەکان یەکبخرێن و هەمان بڕ و ڕێژە و پێوەر و پرۆسە و ڕێکار پیادە بکرێن لە نێوان سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم بێ جیاوازی بۆ ئەوەی ڕێکخستن و دابەشکردنی نەختینەی دارایی (السیولة المالية) ناوەندیی بێت و یەک نەختینەی دارایی هەبێت و بە شێوازێکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت.

**١. گومرگ و دەروازە سنوورییەکان:**

أ) ڕێکخستنەوەی دەروازە سنوورییەکان و سەرپەرشتییان بە جۆرێک کە بۆردی باڵا دەسەڵاتی دانان و لادان و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوەی هەبێت لە بەرپرسانی دەروازە سنوورییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە بێ هەڵاوێرکردن (استثناء) و لەسەر بنەمای لێهاتوویی و دڵسۆزیی و شارەزایی و ڕۆڵیان لە برەوپێدان بە دەروازەکان و زیادکردنی داهات و بەرگرتن لە گەندەڵی و بەفیڕۆدان.

ب) دانانی سیستەمێکی ئەلکترۆنی یەکگرتوو بۆ بەستنەوەی ئەژمێرەکانی داهاتی سەرجەم دەروازە سنوورییەکان بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری) لە پێکهاتەی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

ج) پێویستە هەر دەروازەیەکی سنووری لە سەرتاسەری هەرێم یەکەیەکی ژمێریاریی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

د) پێویستە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی پۆلیس و گومرگ و ئاسایش کە لە دەروازە سنورییەکان و خاڵە سنوورییەکان و ناوچە سنوورییەکان کاردەکەن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێگرتن بکەن لە ئەنجامدانی هەر کارێکی نایاسایی لە پێناوی پاراستنی داهاتی گشتی و لە کاتی سەرپێچیکردندا ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەریاندا دەگیرێتەبەر و بۆردی باڵا میکانیزم و ڕێکاری پێویست دەستنیشان دەکات بۆ دیاریکردنی شێوازی کارکردنی ئەم دامەزراوانە.

هـ) پێویستە لە دەروازە سنوورییەکاندا تەنها چاپەمەنی و پسووڵەی فەرمیی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم (پسووڵەی پارەوەرگرتن) بەکاربهێنرێت، و ڕێگا بە هیچ شێوازێکی دیکەی وەرگرتنی پارە نادرێت جگە لە پسووڵە و چاپەمەنییە فەرمییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

و) پێویستە ئەو دەروازە سنووریی و خاڵە گومرگییانەی لە سەرتاسەری هەرێم کە تا ئێستا ڕێکاری بە فەرمی ناساندنیان بۆ ئەنجام نەدراوە، هەنگاوی پێویست بگیرێتەبەر بۆ بە فەرمی ناساندنیان و دانپیادانانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

**٢. باجەکان:**

أ) پێویستە مامەڵەیەکی ناوەندی بکرێت لەگەڵ باج بە جۆرێک هەموو وەزارەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم هاوکار و هەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بکەن و یەک یاسا و ڕێنمایی و ڕێکار جێبەجێ بکرێت لە سەرتاسەری هەرێم.

ب) هێنانەکایەی سیستەمێکی ئەلکترۆنی بۆ بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج لە سەرتاسەری هەرێم بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

ج) پێداچوونەوەی جدیی بە بواری باج لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و بانەوانی (المساطحة) و یەکخستنی ڕێنمایی و زەوابتەکانی پەیوەندیدار بە باج و لێخۆشبوونەکان لەلایەن بۆردی باڵاوە.

د) پێداچوونەوە بە بەرپرس و بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگەکانی باج لە سەرتاسەری هەرێم بە ئاڕاستەی هەڵسەنگاندنیان و گرنگیپێدان بە پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی باج. ئەم ڕێکارانەش بە شێوەیەکی ناوەندی لەلایەن بۆردی باڵاوە ئەنجام دەدرێن.

هـ) پێویستە هەموو ئەو لایەن و کەس و کۆمپانیایانەی کە ملکەچی پێدانی باجن، بڕی باجی ساڵانی پێشوو و بڕە پارەی دواکەوتن و پێژماردنی کەڵەکەبوو لە ئەستۆیان لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بدەن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بەپێی تایبەتمەندیی، و چاوخشاندنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و ڕێبەرەکانی تایبەت بە باج لە

هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بژێوی و داهاتی تاك و پێویستە ڕێگری بکرێت لە خۆدزینەوە لە پێدانی باج، و ڕاگرتنی هەر لێخۆشبوون و داشکاندنێك لە باج کە بەدەر لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بەخشراین و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە یەک ئاست ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەکات.

**٣. ڕسومات:**

أ) یەککخستن و ڕێکخستنی سەرجەم ئەژمێرەکان (حسابات)ی لاوەکیی سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان کە بەشێک لە داهاتی خۆیان تیایدا ئەسپاردە دەکەن بۆ خەرجیی خۆیان، چ لە بانکە حکومییەکان بێت یان بانکە ئەهلییەکان، و پێویستە داهاتەکانیان بە بێ استثناء بچێتەوە سەر حسابی داخراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە شێوازێک کە داهات مەرکەزی بێت و دواتر بە بڕیاری بۆردی باڵا میکانزمی تەرخانکردنەوەی بەشێک لە داهات بۆ خودی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی ڕێک دەخرێتەوە. بۆ هەر حاڵەتێکی پێویست، بۆردی باڵا بڕیاری تایبەت دەردەکات.

ب) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەژمێرە لاوەکییەکانی هاتوو لە بڕگەی (أ)ی سەرەوە دەستنیشان دەکات بە مەرجێک سەرجەم ئەو ئەژمێرە لاوەکییانە بگرێتەوە و هیچ وەزارەت و لایەنێک بەدەر نەکرێن تاوەکو دواتر بە بڕیاری بۆردی باڵا میکانیزمی تەرخانکردنەوەی بەشێک لە داهاتی ناوخۆ بۆ خودی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ڕێک دەخرێتەوە.

ج) هێنانەکایەی سیستەمێکی ئەلکترۆنی بۆ سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان کە ڕسومات وەردەگرن و بەستنەوەی سیستمەکە ڕاستەوخۆ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو لایەنی تایبەتمەند.

د) پێویستە سەرجەم یەکە ژمێریاری و کارگێڕییەکان لە هەر ئاست و پێکهاتەیەکدا بن ڕۆژانە تەواوی داهاتەکانیان (بە بێ هیچ جۆری گلدانەوە) لە بانکە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان ئیداع بکەن و بە هیچ جۆرێک هیچ فەرمانگەیەک ڕۆژانە داهاتی خۆی لای خۆی گل نەداتەوە.

هـ) پێداچوونەوەیەکی بەرفراوان بە سەرجەم لێخۆشبوونەکانی باج و گومرگ و ڕسومات لە سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی ئەو لێخۆشبوونانەی کە نایاسایین یان ماوەی یاسایی لێخۆشبوونەکە کۆتایی هاتووە، و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەی پێداچوونەوەی ڕسومات.

## چوارەم: لەسەر ئاستی خەرجییەکان

### ١. گەنجینەکان:

أ) پێویستە سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ جووڵەی دراو ئەژمێرێکی داخراو (حساب مغلق) بکەنەوە لە یەکێک لە بانکە بازرگانییە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان بە گوێرەی شوێنی جوگرافی بۆ ئیداعکردنی داهاتەکەی و نابێت هیچ دەسەڵاتێکی خەرجکردن لەسەر ئەم حسابە داخراوە پیادە بکرێت لەلایەن هیچ کەسێک و بە هیچ پاساوێک لە دەرەوەی ئەو ڕێنمایی و بڕیارانەی کە لەلایەن بۆردی باڵاوە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی هاتوو لەم بڕیارە دەردەچن.

ب) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست، و پێویستە سەرجەم یەکە کارگێڕی و ژمێرياريیەکان لە سەرتاسەری هەرێم تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة)ی خۆیان پێشکەش بکەن لە کاتی خۆیدا و بە پێچەوانەوە لە کاتی کەمتەرخەمی و سەرپێچییدا ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە و پێویستە سەرەڕای (میزان المراجعة) دەرخستەی زانیاریی دارایی (بيان الكشف المالي) ڕۆژانەش پێشکەش بکرێت.

ج) له کۆتایی هەر مانگێکدا سەرجەم داهاتەکان لەو ئەژمێرە (حیسابە) داخراوانەی کە لە خاڵی (أ)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە دەخرێنە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەو مەرج و ڕێکارانەی لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە.

د) پێداچوونەوە بە بەڕێوەبەری بانکەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەوپێیەی پۆستێکی گرنگە و گۆڕینی ئەو بەڕێوەبەری بانکانەی کە پێویستە بگۆڕدرێن لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شارەزایی و دڵسۆزیی و ڕۆڵیان لە بەرەوپێشچوونی بانکەکان.

هـ) لەلایەن بۆردی باڵاوە میکانیزم و ڕێنمایی و زەوابت دادەنرێت بۆ چۆنیەتی داڕشتنی شێوازی یەکگرتوو بۆ ئەوەی بەپێی ئەولەوییەتی خەرجییەکان پەیڕەو بکرێت لەسەر بنەمایەک کە پاراستنی هاوسەنگیی لە نێوان داهات و خەرجییدا فەراهەم بکرێت.

**٢. نەخشەی خەرجییەکان (خارطة الصرف):**

أ) پێداچوونەوە بە دەسەڵاتەکانی دارایی و خەرجیی و ڕێکخستنەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ڕێکارەکانی خەرجکردن لە گشت بوارەکاندا چ خەرجیی ڕەوان (النفقات الجارية) لەناویشیاندا خەرجیی قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران و چاودێری کۆمەڵایەتی و خەرجییەکانی بەکاربردن، یاخود خەرجیی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان (النفقات الإستثمارية) بێت.

ب) بۆردی باڵا میکانیزمی پێویست دادەنێت بۆ بەرپاکردنی هاوسەنگیی لە نێوان داهاتی ڕاستەقینەی بەدەستهاتوو و خەرجییەکان بە ڕەچاوکردنی ئەولەوییاتی خەرجیی کە لەلایەن بۆردی باڵاوە پەسەند دەکرێت و ڕیزبەندییەکەی لەم بڕیارەدا دەستنیشان کراوە.

ج) ڕێنماییە داراییەکانی پەیوەندیدار بە داهات و خەرجیی و پڕکردنەوەی کورتهێنان دەبێت بە شێوەیەکی ناوەندی لە لەلایەن بۆردی باڵاوە پەسەند بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بڕیارە.

د) لەم قۆناغەدا چەکی بەڵێننامە (صك التعهد) خەرج ناکرێت لەژێر هیچ پاساوێکدا بێت تاوەکو بارودۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان ئاسایی دەبێتەوە.

٣. بنەماکانی دانانی ئەولەویەت بۆ خەرجییەکان:

داڕشتنی ئەولەوییەت بۆ خەرجییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم ڕیزبەندییەی خوارەوە دەبێت:

أ) مووچە کە بە شێوەی سیادیی دەبێت.

ب) بۆردی باڵا میکانیزم و ڕێکاری پێویست بۆ تەمویلکردنی خەرجییەکان (جگە لە مووچە) دەستنیشان دەکات بە ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتووان. ئەو خەرجییانەش وەک (پێشینە - نثرية-، خەرجییەکانی بەکاربردن، خەرجییەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، و هەروەها خەرجییەکانی پڕۆژەی وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت).

## پێنجەم: پڕکردنەوەی کورتهێنان

أ) پڕکردنەوەی کورتهێنان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەبێت بە شێوەیەکی سەرتاسەری بێت نەک لەسەر ئاستی پارێزگایەک یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ یان قەزایەک، هاوتەریب لەگەڵ بڕیارەکانی بۆردی باڵا بۆ ڕێکخستنەوەی داهات و جووڵەی نقدی و خەرجییەکان وەک لە بڕگەکانی ئەم بڕیارەدا هاتوون لەسەر بنەمای پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجی.

ب) پڕکردنەوەی کورتهێنان بۆ مووچە بە شێوەی ناوەندی (مرکزي) دەبێت وەک (خەرجیی سیادی) بە ڕەچاوکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە تایبەت بە ناوەندیکردنی داهات و سیولە.

ج) دانانی پلانی خەرجی (خطة الصرف)، چ مانگانە یان سێ مانگ جارێک و یان شەش مانگ جارێک، بە جۆرێک هاوسەنگیی لە نێوان داهاتی فعلی بەدەستهاتوو لە سەرتاسەری هەرێم و خەرجییەکان بێت بە ڕەچاوکردنی ئەو ئەولەوییەتی خەرجکردنەی کە لەلایەن بۆردی باڵاوە پەسەند دەکرێت و ڕیزبەندییەکەی لەم بڕیارەدا دەستنیشان کراوە.

**شەشەم: خاڵە گشتییەکان**

أ) دانانی میکانیزمی یەکگرتوو بۆ چاپکردنی چاپەمەنییەکان تایبەت بە پسووڵەکانی پارەوەرگرتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی زانین و کۆنترۆڵکردنی پسووڵەکان کە چەند پسووڵە دراوە بە فەرمانگەکان و چەند گەڕاوەتەوە.

ب) سەرجەم بڕیارەکانی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە داهات و خەرجیی و کورتهێنان و ڕێکخستنەوەی دەروازە سنوورییەکان دەخرێنە بەردەم بۆردی باڵا بۆ پێداچوونەوە بە ئاڕاستەی دەستنیشانکردنی ڕێکار و میکانیزمی نوێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا ئەو بڕیارانە دەرچوون بە جۆرێک خزمەتی بەئەنجامگەیاندنی مەبەستەکانی ئەم بڕیارە بکات و شیاوی جێبەجێکردن بن لەڕووی پراکتیکەوە.

ج) حکومەتی هەرێم و سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن لە پێناوی سەرخستنی ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بە ئاڕاستەی دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم پشتبەست بە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥.

د) سەرجەم وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەردەوام دەبن لە کاری جدییان بۆ ڕێکخستنەوەی داهاتە ناوخۆییەکانیان بە ئاڕاستەی زیادکردنی داهاتی ناوخۆیی.

هـ) بەستنەوەی سەرجەم بانکە بازرگانییە حکومییەکانی هەرێم بە سیستمێکی ئەلکترۆنی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**حەوتەم:**

بۆردی باڵا دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویستی هەیە لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەک لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە و ئەو ڕێنمایی و بڕیارانەی لەبەر ڕۆشناییان دەردەچن، و لە هەمان کاتدا پێشکەشکردنی سوپاس و پێزانین و پاداشت و هاندان بۆ ئەوانەی دڵسۆزانە لە پێناوی سەرخستن و جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە کاردەکەن و دەپارێزرێن لە هەر هەوڵێک کە ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

**هەشتەم:**

أ) پێویستە لەسەر بۆردی باڵا، بڕیاری پێویست بدات  بۆ خێراکردنی هەنگاوەکانی هەرچی زوو دامەزراندنی (بانکی نیشتمان لە هەرێمی کوردستان) لە ماوەیەکی گونجاودا کە بۆردی باڵا دیاری ئەکات.

ب) لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە سەرجەم بانکە بازرگانییە حکومییەکانی هەرێم لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و ناحیەکانیان ڕاستەوخۆ لە ڕووی کارگێڕیی و دارایی و هونەرییەوە دەبەسترێنەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان وەک لایەنی تایبەتمەند لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

ج) لەم چوارچێوەیەشدا بۆردی باڵا لە ماوەیەکی گونجاودا، کە بۆردی باڵا دیاری دەکات، چارەنووسی بانکی ناوەندیی هەرێم لە سلێمانی یەکلایی (حسم) دەکاتەوە و بڕیاری لەسەر دەدرێت بە ڕەچاوکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

**نۆیەم:**

پێویستە بۆردی باڵا بەردەوام بەدواداچوون بکات بۆ هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ سەرجەم ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە وەرگرتنی داهات و وەرگرتنەوەی قەرز و پابەندییە داراییەکانی هەرێم لە ئەستۆی کەسانی ئاسایی و کۆمپانیاکان بە ئاڕاستەی بەرەوپێشبردنی ئەو لایەنانە و لابردنی

ئاستەنگەکانی بەردەمیان. لەم پێناوەشدا، بۆردی باڵا هەم دەسەڵاتی لێپرسینەوە و هەم دەسەڵاتی هاندان و ڕێزلێنانی دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش بۆردی باڵا ڕێکار و میکانیزمی گونجاو دەستنیشان دەکات.

**دەیەم:**

١. بۆردی باڵا بە شێوەیەکی دەوری ڕاپۆرتی تایبەت بە بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات.
٢. بۆردی باڵا دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی پێویستی هەیە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.
٣.  بۆردی باڵا و وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی پێشوو ناکرێت کە دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**